گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی نەخۆشانی دەرونی

## (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە نەخۆشخانەی دەروونی هەولێر)

**صديق محمد حمەشریف**

نەخۆشخانەی دەرونی هەولێر،هەرێمی کوردستان، عێراق

Sedeeq_muhammad@yahoo.com

**د. زەریا احمد طاهر**

بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق

Zarya19ahmad81@gmiail.com

### زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢١/١٠/١٢

پەسەندکردن:٢٠٢١/١١/٢٢

بڵاو کردنەوە: هاوینی ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**

Social Problem, Psychiatric Patients, Social Stigma, Treatment

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.2.12

### پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەولێکە بۆ دەستنیشانکرن و دیاریکرنی گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی نەخۆشانی دەرونی و ڕەنگدانەوەی لەسەر نەخۆشانی دەرونی . لەم توێژینەوەیە میتۆدی وەصفی شیکاری بەکارهاتووە، نموونەی مەبەستداریش بەکارهاتووە. قەبارەی نموونەکەش (53) یەکەیە و بەشێوەی فۆرمی ڕاپرسی وەرگیراوە لە بەشی ڕاوێژکاری نەخۆشخانەی دەرونی هەولێر. بۆ دەرکردنی ئەنجامەکان لەم توێژینەوەیەدا سودمان لە (ناوەندە ژمێرەیی، لادانی پێوەری، جیاوازی، ڕێژەی سەدی، هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان، ناوەندی سەنگکراو وەك ئامرازی ئاماری بینیوە بۆ ئەم مەبەستەش گەڕاینەوە بۆ هەگبەی ئاماری زانستە کۆمەڵایەتیەکان ئەنجامەکانی توێژینەوەش ئاماژەیە بۆ بوونی گرفتی کۆمەڵایەتی نەخۆشانی دەرونی کە چۆن کاریگەریان خستۆتە سەر نەخۆشانی دەرونی لەڕووی ناوبانگ، ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتییان، لە ئەنجامەکانیش دەرکەوتووە کە گرفتەکانیان بەشێوەیەکی سەرەکی بریتییە لە گرفتی چارەسەرکردن و لەکەداربوونی کۆمەڵایەتی و گرفتی خێزانی و چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی . ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کلتورەی کۆمەڵگا کە بە تێڕوانینێکی نەرێنیانە

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سەیری نەخۆشانی دەرونی دەکات. دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەریخستوە تاکو ئێستا ئەو بیروباوەڕە زاڵە بەسەر زۆربەی کۆمەڵگای کوردیدا کە پێوایە توشبوون بە نەخۆشی دەرونی دەگەڕێتەوە بۆ جادوو و دەستخستنی جنۆکە بە لاشەی مرۆڤ و هەندێ شتی ئەفسانە و خورافیات.

## پێشەکی

گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی نەخۆشانی دەرونی، کۆمەلێك ڕەنگدانەوە و کاریگەری بەهێزی نەرێنی دەبێت لەسەر بارورەوشی کۆمەڵایەتییان، بە شێویەك دووچاری کۆمەڵێك گرفتی تر دەبنەوە، کە نەخۆشییەکەی دژوارتر دەکات، ئەم ڕەوشە بە هیچ جۆرێك یارمەتیدەر نابێت بۆ چاکبوونەوەی ئەو سەیرکردنە نەرێنینانەی کۆمەڵگا بۆ نەخۆشانی دەرونی تێڕوانینێکی هەڵەیە بۆ نەخۆشەکان، ئەمەش وا دەکات خێزان و دەوروبەرەکەی هەڵویستی توندیان هەبێت بەرامەبەر نەخۆشەکان وەك لێدان و گاڵتە پێکردن، بەندکردن، چەوساندنەوە، نەهێشتنی بۆ چونەدەر لە ماڵەوە ئەمەش دەبێتە هۆی گۆشەگیری و تێکەڵاو نەبوون و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵگا و هاورێ و خزم و کەس، ئەمەش بەهۆی ئەو لەکەیەی دەکەوێتە سەر نەخۆش و خێزانەکەی لە لایەن کۆمەڵگاوە، ئەمەش هۆکارە بۆ دوورکەوتنەوەی نەخۆش لە وەرگرتنی چارەسەری زانستی.

## یەکەم : گرفتی توێژینەوە

نەخۆشانی دەرونی توشی چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی بوونەتەوە لەناو خێزان، گروپەکان و کۆمەڵگادا ئەم گرفتانەش هۆکارن لە زیاتر ئاڵۆزبوونی نەخۆشییەکەیان. نەخۆشانی دەرونی تەنها بەدەست نەخۆشیتەکەیان نانالێنن کە هەندێ کەس وای بۆ دەچن بەڵکو ڕووبەڕووی چەندین گرفتی کۆمەڵایەتیش دەبنەوە ئەمەش پاش نەخۆشیە دەرونیەکەیان بەهۆکاری سنوداری تواناکەی لە جێبەجێکردنی بەرپرسیاریەتی کۆمەڵایەتی لەناو کۆمەڵگاو کە خۆی لە رۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی دەبینێتەوە. گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی نەخۆشانی دەرونی دیاردەیەکی جیهانیە، لە هەموو کۆمەڵگاکاندا هەیە بەپێی کلتور و هۆشیاری کۆمەڵایەتی تەندروستی کۆمەڵگاکان دەگۆڕێت. هەوڵدەدین لەم توێژینەوەیەدا جەخت بکەینە سەر گرفتە کۆمەلایەتییەکانی نەخۆشانی دەرونی بارودۆخی کۆمەلایەتیان لەناو خێزان کۆمەڵگادا.

## دووەم: گرنگی توێژینەوە

-1 چالاككردنی رۆڵی دام و دەزگا كۆمەڵایەتیەكان و ڕاگەیاندن لە هۆشیاركردنەوەی خەڵك لە نەخۆشانی دەرونی و گرفتە كۆمەڵایەتیەكانیان بۆ ئەوەی هەست بە نارەحەتی و ئازارەكانی ئەم نەخۆشانە بكەن.

-2 كاریگەری نەرێنی گرفتە كۆمەڵایەتیەكانی نەخۆشانی دەرونی لەسەر تاك و خێزان و كۆمەڵگا.

-3 كردنەوەی ڕێرەوێك بۆ توێژەران ئەوانەی گرنگی بەم لایەنە دەدەن, چونكە ئەم توێژینەوەیە یەكەم توێژینەوەیە بە زمانی كوردی بنوسرێت بە پێی سنوری زانیارییەكانم.

لەڕوانگەی زانستییەوە ئەم توێژینەوەیە یارمەتی دام و دەزگا پەیوەندیدارەكان دەدات بۆ دەستنیشانكردنی قەبارەی گرفتە كۆمەڵایەتیەكانی نەخۆشانی دەرونی بۆ پێشكەشكردنی بەرنامە و خزمەتگوزاری پێویست و گونجاو سەبارەت بەم گرفتە.

## سێیەم ئامانجەكانی توێژینەوە

-1 بۆ دیاریكردنی گرنگترین گرفتە كۆمەڵایەتیەكانی نەخۆشانی دەرونی.

-2 شیكردنەوەی ڕەوشی گرفتە كۆمەڵایەتیەكانی نەخۆشانی دەرونی.

-3 بۆ زانینی ڕادەی پابەندبوونی باوەڕی نەخۆشانی دەرونی بە جۆرەكانی چارەسەری.

## دووەم : ناساندنی چەمكەكانی توێژینەوە

### -1 گرفتە كۆمەڵایەتیەكان Social Problem

لە هەر شوێنێك مرۆڤ بوونی هەبێت ئەوا ڕووبەڕووی كۆمەڵێك گرفتی كۆمەڵایەتی دەبێتەوە واتە هیچ كۆمەڵگایەك نیە بە بێ گرفتی كۆمەڵایەتی. گرفتە كۆمەڵایەتیەكانیش جیاوازن لە كاتێك بۆ كاتێكی دیكە یاخود لە كۆمەڵگایەک بۆ كۆمەڵگایەكی تر. بۆیە ناتوانین بگەین بە پێناسەیەكی تەواو گشتگیر بۆ گرفتە كۆمەڵایەتییەكان لەبەرئەوەی گرفتی كۆمەڵایەتی جیادەكرێتەوە بە خەسڵەتە ڕێژەییەكەی، گرانە بتوانرێت تاكە هۆكارێك دیاریبكرێت بۆ ڕوودانی گرفتی كۆمەڵایەتی، لەبەرئەوەی هۆكاری گرفتە كۆمەڵایەتیەكان جۆراوجۆرن فرەهەندن. بۆیە (Theodorson) تیوردورسۆن ئاماژە دەكات بۆ گرفتە كۆمەڵایەتیەكان و دەڵێت بریتیە لە حاڵەتێك یان هەڵوێستێكی نەویستراو لە لایەن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زۆربەی خەڵکی کە رێکەوتنی لەسەرە لە کۆمەڵگا (المیزر، 2007، ص 7). حالەتێکە لە لایەن زۆربەی خەڵکی دانیپێنراوە و گرفتی کۆمەڵایەتی زیانی گەیاندووە بە تاك و کۆمەڵگا خاڵێکی تری هاوبەش برتییە لەوەی توێژەر یان خەڵکی باوەڕیان وایە کە دەبێت گرفتی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکرێت، چونکە هەرگرفتێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك گرفتی تر بە دوای خۆیدا دەهێنێت بۆ نمونە بوونی نەخۆشی دەرونی گرفتە بەڵام چەندین گرفتی تر بە دوای خۆیدا دەهێنێت بۆ نەخۆش و خێزان و کۆمەڵگا.

لە ئەنجامی ئەو پێناسانەی سەرەوە کە بۆ گرفتە کۆمەڵایەتییەکان کراوە دەگەینە ئەو بڕوایەی کە (گرفتە کۆمەڵایەتییەکان بریتیین لە زیانگەیاندن کاریگەری نەرێنی بە ژمارەیەکی زۆر لە تاك و خێزان و گروپ لەناو کۆمەڵگا و ئاڕاستەیەك هەیە بۆ چارەسەرکردن لێرەدا مەبەستمانە بە خستنەڕووی گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی نەخۆشانی دەرونی کە خۆی لە چەندین گرفتی کۆمەڵایەتیدا دەبینێتەوە وەك گرفتی لەکەداربوون، گرفتی چارەسەر, گرفتی خیزان).

## 2-چەمکی نەخۆشی دەرونیNeurosiss

ئەوەی لە سنوری زانیاریمدا بێت لە بواری پزیشکی کارم تێدا کردبێت بواری پزیشکی جەستەیی تێگەیشتن و دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی ئاسانترە چونکە دەتوانرێ لە رێگەی نیشانە و ماکەکان یاخود لە رێگەی وێنەی تیشك و شیکاری نەخۆشییەکان نەخۆشییەکە دەستنیشانبکرێت، بەڵام ئەمە کارێکی ئاسان نییە لە تێگەشتن و دەستنیشانکردنی نەخۆشییە دەرونیەکان. نەخۆشانی دەرونی تێبینی دەکرێن لە میانەی رەفتار، بیرکردنەوە، هەست یان ڕاونگەیان بۆ کۆمەڵگا چۆنە.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لە چەمکی نەخۆشی دەرونی باس لە چەند پێناسەیەك دەکەین لەوانە بریتییە لە حالەتێکی دەرونی توشی بیرکردنەوەی مرۆڤ دەبێت یان هەست و سۆز و چۆنیەتی بڕیاردان لەسەر شتەکان یان ڕەفتار و هەڵسوکەوتی, نەخۆشی دەرونی وا چاوەڕوان دەکرێت یەکێك یان سێ لە لایەنەکانی ژیانی دەرونی مرۆڤ تەندروست نییە وەك بیرکردنەوە، هەست، ڕەفتار داوا دەکرێت بۆیە پێویستە چاودێری و چارەسەر بکرێت لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی و دەوروبەر (البنا، 2009، ص16).

(سامی الختانە) دەڵێت نەخۆشی دەرونی بریتییە لە حالەتێکی نەخۆشی جیادەکرێتەوە بە گۆڕانی بیرکردنەوە و هەوس و سۆزداری ئەم گۆڕانە توندە دەبێتە هۆی ناخۆشی چەشتنی تاك یاخود کاردەکاتە سەر ئەدای ئەرکەکانی ژیانی رۆژانە (الختانە، 2008، ص171).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کەواتە نەخۆشی دەرونی بریتییە لە تێکچونی وەزیفی لە کەسایەتی کاردەکاتە سەر ڕەفتاری تاك و دروستبوونی کۆسپ و تەگەرە لە ژیانی ڕۆژانە زۆرجاران دادەبڕێت لە واقع لە جیهانێکی خەیاڵیش دەژی.

## گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی نەخۆشانی دەرون

## یەکەم: گرفتی لەکەداربوونی کۆمەڵایەتی

مرۆڤ چۆن توشی نەخۆشییە جەستەییەکان دەبێتەوە و لە ژیانی رۆژانەدا ئەوا بەهەمان شێوە توشی نەخۆشی دەرونی دەبێتەوە بەڵام لە گۆمەڵگای ئێمەدا زیاتر هەم تاکەکان هەم پزیشك درك بەم حاڵەتە کەمتردەکەن. هەرچەندە هەریەك لە ئێمە توشبوون بە نەخۆشی دەرونیمان هەیە بەڵام هێشتا بە نەنگی و لەکەداری دەزانین و دیشارینەوە یان بە تورەیی و غەزەبی خوایی دادەنرێت لە کۆمەڵگا، وە ئەگەر نەخۆشەکە لە رەگەزی مێ بوو ئەوا نەنگی و لەکەداریەکە زۆرگەورەتر دەبێت. ئەم نەنگی و لەکەداریەی نەخۆش تەنها بە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی چارەسەر ناکرێت بەڵکو پێویستی بە پرۆسەیەکی دوور و درێژو بەردوام هەیە. نەخۆشییە دەورنییەکان یەکێکن بونەتە قوربانی هەڵە تێگەیشتنی کۆمەڵگا، کە بەشێت هەژمارییان دەکات، بەڵام دەبێ هەمومان ئەم راستیە بزانین ئەوانەی بە دەست ئەم نەخۆشییە دەناڵێنن پێشتر کاروبارەکانیان بە رێك و پێکی ئەنجام داوە، لە ئێستادا رایەك هەیە کە نابێت پێیان بگوترێ نەخۆشی دەرونی بەڵکو لە زۆر کەسانی ئاسایی بە تواناترن لە هەندێ کاردا، ئێستا کە لە بازاڕ کەسابەت دەکەن خاڵی لاوازیان ئەوەیە، بیرو بۆچونیان بە شێوەکی ناوازە دەخەنە روو کەم کەس توانای تێگەیشتنی هەیە، بۆیە لەسەر کۆمەڵگا پێویستە بە خۆی دابچێتەوە رێز و شکۆ بۆ ئەم کەسانە بگەرێنێتەوە، چونکە وەك ئێمە هەست و سۆزیان هەیە، بەڵام ئێمە ناتوانین لێیان تێبگەین (هەڵەبجەیی، 2006، لا1).

ئەو کەسانەی بە دەست نەخۆشییە دەرونییەکان دەناڵێنن رووبەرووی چەندین تەنگ و چەڵەمە دەبنەوە کە کاریگەری دەبێت لەسەر کارو چالاکیەکانی و کوالێتی ژیانی، وە رووبەروو نەنگی و لەکە و جیاکاری دەبنەوە لە کۆمەڵگادا بوونی نەخۆشی دەرونی یەکێکە لە ماکە و نەنگی گەورەکانی ناوناتۆرە کە بەستراوەتەوە بە تێروانینی نەرێنی لە کۆمەڵگادا، ئەم تێروانینە نەرێنیە باو ە سەبارەت بە

نەخۆشانی دەرونی چەند ئاستێك دەگرێتەوە وەك ترسناكن یان بەرپرسنین لە كردنی هەركارێك یان نەسازە، شێتە، سەر لێشێواوە بۆیە تاكەكان یان دەوروبەرەكەی ئامادەنین هیچ جۆرە پەیوەندیەك لەگەڵیاندا ببەستن، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی گۆشەگیری كۆمەڵایەتیان ئەم گۆشەگیرو دابڕانەی نەخۆشانی دەرونی دەبێتە هۆی ئەوەی ئاكامی خراپی لێبكەوێتەوە لەسەر تێكرای ژیانی وەك كارو چالاكی كۆمەڵایەتی، كوالێتی ژیانی، خوێندن هتد، بەمەش بێبەشدەبن لە هەموو مافە خزمەتگوزارییە تەندروستیەكان چارەسەریەكانی كە دوا جار نەخۆشەكە بەروچارەنوسێكی نادیار هەنگاو دەنێت كە لەوانەیە بەمەرگ كۆتایی بێت. لە كەداربوونی كۆمەڵایەتی كاریگەری نەرێنی بەجێدەهێلێت لەسەر نەخۆش دەبێتە هۆی نەمانی پێگەی كۆمەڵایەتی پیشەیی،وەنەمانی توانای سەربەخۆی لە تەواوی ژیانی رۆژانەی كۆمەڵایەتی، وە نەمانی توانای رووبەرووبوونەوەی پێداویستی و داواكارییە ژینگە كۆمەڵایەتیەكەی كە تێدا دەژی. (دسوقي، 1974، ص 20- 24).

نەخۆشانی دەرونی بۆ ئەوەی دوور بكەونەوە لە لەكەداربوونی كۆمەڵایەتی بەردەوام هەوڵدەدەن نەچن بۆ نەخۆشخانە یان نۆرینگە دەرونییەكان، وە ناو خەڵك و كۆمەڵگا. وە لە چاوپێكەوتنی یەكەمی بۆ نەخۆشخانە نەخۆش باس لە بوونی لەكەداربوونی كۆمەڵایەتی دەكات كە بەم هۆیەوە چەند زەرەر و زیانی پێگەیشتووە، ئەمەش بەشێكە لەو چەوساندنەوە كۆمەڵایەتیەی كۆمەڵگا دژ بەنەخۆشانی دەرونی

## دووەم: نەخۆشانی دەرونی و گرفتی خێزان

خێزان لە كۆمەڵگای كوردی بەرپرسیاری یەكەم و كۆتایی تاكە لە پاراستن و چارەسەركردنی لە نەخۆشییەكان بە تایبەتی دەرونییەكان، بۆیە گرفتەكان زیاتر رووبەرووی خێزان دەبێتەوە، خێزانیش كاریگەرە بەو كلتورە تێروانینەی نەرینیەی كۆمەڵگا هەیەتی سەبارەت بە نەخۆشییە دەرونیییەكان، هەر لە چارەسەركردنی و چۆنیەتی مامەڵە كردنی، ئەمەش وا دەكات گرفتەكان خێزان و نەخۆشانی دەرونی زێدەتر بكات. بریتییە لەو كێشە و هەڵوێستە نەخوازراوانەی كە رووبەرووی تاك دەبێتەوە داوای چارەسەریان دەكات، كە كاریگەری دەبێت لەسەر كەمكردنەوەی چالاكییەكانی و بەرهەمی و پلەی گونجانی لەگەڵ خۆی و كۆمەڵگادا(عبید، 2005، ص7). پێناسەی ئیجرائی توێژەر مەبەستمان ئەو گرفتانەی خێزانە كە یەكێك لە تاكەكانی توشی نەخۆشی دەرونی بوونە بوونی نەخۆشی دەرونی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هاوسەنگی خێزان تێکدەدات لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری، ئەم گرفتانە ئاڵۆزتر دەبن ئەگەر یەکێك لە هاوسەران بێت بەوەی کە زۆرجار بە هەڵوەشانەوەی خێزان کۆتایی دێت (عبید، 2005، ص18 ).

ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە زۆرێك لە نەخۆشەکان سەرچاوەی کەسابەت و داهاتی رۆژانەیان لە کیس دەچێت ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی خێزان تووشی هەژاری بێت کۆمەلێك گرفتی ئالۆزتر دروست دەکات دەبێتە هۆی نائارامی خێزان. یان ئەگەر نەخۆشەکە دایك یان باوك بێت بە هۆی دابڕانی لە ماڵەوە بۆ ماوەیەکی درێژ کە نەیان توانیوە سەرپەرشتی و چاودێری خێزانەکە بکات , ئەمە کاریگەری دەبێت لەسەر پەروەدەی منداڵ و گرنگیدان بە کەسە نزیکەکانی (الحسن، 2008، ص276(

زۆرجار خێزانەکان بوونی نەخۆشی دەرونی کچ و کوڕەکانیان دەشارنەوە پاش ماوەیەك لە سوکبوونی هەندێك لە نیشانەکانی نەخۆشیەکە دەرونیەکە کەم دەبێتەوە، ئینجا بە هۆی چارەسەری بێت یان بە هۆی کەم بونەوەی ئەم فشارو باردۆخە بێت کە نەخۆشەکە تیادا ژیاوە، لە دوای ئەمە بیرۆکەیەکی باو هەیە کە لە نێوان خێزانەکان بیر لە هاوسەرگیری کوڕو کچە نەخۆشەکانیان دەکەنەوە، بۆئەوەی لە لایەك ئەم نەنگی و لەکەیە برەوێتەوە لەلایەکی تر بە هیوای چاکبوونەوەیان (حسن، 2009، لا9 ).

بیروڕایەك هەیە لە نێو خەڵکیدا هەندێك وای بۆ دەچن کە هاوسەرگیری چارەسەرە وە هەندێکی تر وای بۆ دەچن کە هاوسەرگیری نابێت بکرێ, چونکە منداڵەکانیان توشی هەمان نەخۆشی دەبن، گومانی تێدا نیە کە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری بەرپرسیارەتی گرانە بە هەموو کەس هەڵناسورێ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی نەخۆشانی دەرونی دەتوانن هاوسەرگیری بکە کە ماوەی نەخۆشییەکانیان بۆ ماوەیەکی کەورتە، ئەوانەی نەخۆشی درێژخایەنن بە پێی چەند مەرجێکی دیاریکراو دەتوانن هاوسەرگیری ئەنجام بدەن، مەرجەکانیش ئاشکراکردنی نەخۆشیەکە یارەمەتی دانی هاوسەران، لە رووی ماددی مەعنەوی (حسن، 2009، لا10).

زۆر جاریش بەهۆی نەنگی و لەکەوە بەتایبەت لە لای ماڵی کچ بێت ئەوا کەس ئامادە نیە بە وەی هاوسەرگیر بکات لەگەڵ کچێك کە نەخۆشی دەرونی هەبێت، بەڵام ئەگەر بە هۆی کوڕە کەوە بێت بە کەمتر زۆرجاریش بەهۆی ناوبانگی خێزانەکە و یان ماددە وە بوونی نەخۆشییە دەرونیە کە کێشە دروست ناکات بۆ هاوسەرگیریەکەی. لێکترازانی خێزان بریتییە لە دارمان و لێکهەڵوەشانەوەی خێزان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە هۆی نەمانی رۆلە کۆمەڵایەتیەکەی ئەندامەکانی خێزان کە ناتوانێ ئەرکەکانی جێبەجێ بکات. یان کۆتایهاتنی پەیوەنی نێوان هاوسەران بە هۆی جیابوونەوە یان مردن یان خۆکوشتن یەکێك لە هاوسەران (العموش و العليمات، 2008، ص180 ).

یەکێك لە لەو گرفتانەی خێزان رووبەرووی دەبێتەوە ئەویش لێکترازان و هەڵوەشانەوەی خێزان بە هۆی بوونی یەکێك لە ئەندامانی خێزان توشی نەخۆشی دەرونی بوونە بە تایبەتی یە کێك لە هاوسەران ئەمە بە هۆی هەندێك هەڵویست و رەفتاری ناوازە کە لە لایەنە نەخۆشەکە وە دەردەبرێ کە ئەوانی تر ناتوانن لێیان تێبگەن دەبێتە هۆی لێکتینەگەیشتن لە نێوان ئەم خێزانانە، بەم هۆیەوە لەوانەیە خێزانەکە لێکبترازێ یان تووشی هەڵوەشانەوە بێت . یان بەهۆی ئەوەی یەکێك لە ئەندامانی خێزان لە ژێر چاودێری پزیشکی دەبێت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە نەخۆشخانە دەرونییەکان کە ناتوانێت ئەرکەکانی جێ بە جێ بکات وەك دابینکردنی بژێوی یان ئەگەر دایك بێت دوور لە منداڵەکان ئەوا لەوانەیە توشی کۆمەلێك گرفتی پێگەیاندن و پەروەردەبنەوە ئەمەش هۆیەکە بۆ داهاتوودا ئەنجامی لێکترزانی خێزانی لێبکەوێتەوە.

## سێیەم: گرفتی تاوان و نەخۆشی دەرونی

رۆژانە لە کەناڵە جۆراو جۆرەکانی راگەیاندن دەبیستن و دەبینین کەسێك خێزانەکەی خۆی کوشت یان ژنێك هاوسەرەکەی کوشت یان کەسێك دەست رێژی گوللەی کرد لە خێزانەکەی و منداڵەکەی کوشت، ئەم رووداوانە بەردەوام دوبارە دەبێتەوە، ئەوە کەسەکە نەخۆشی دەرونی هەیە بۆیە ئەم تاوانەی ئەنجامدا، ئایا راستە نەخۆشانی دەرونی تاوانبارن یاخود بێگوناهن ئایا دەبێت ئێمە بە چاوی تاوانباری سەیری نەخۆشانی دەرونی بکەین، یاخود بیروباوەڕی هەڵەیە لە نێو کۆمەڵگادا باوە، یاخود بۆ شاردنەوە و کەمکردنەوەی سزای یاسایە بۆ تاوانباران .

جۆری نەخۆشییەکە بوونی هۆشیاری لای نە خۆشەکە رۆلی دەبێت لەسەر نەخۆشەکە یانیش کەسانی تر لە وانەیە بەکاریان بهێنن بۆ کردنی هەرتاوانێك، کە لەوانەیە لە ژێر ویست و ئیرادەی خۆی دانەبێت. بۆیە زۆرجار دەبینین لە نەخۆشخانە دەرونییەکان، کەسانی تاوانبار دەهێنن لە نە خۆشخانەی دەرونی هەولێر دەیان خەوێنن بۆ ئەوەی دەستنیشانبکرێت بە نەخۆشییەکی دەرونی فێلێکی یاسای بۆ بدۆزرێتەوە تاکو بەرپرسیارەتی سزایی لەسەر نەمینێت یان کەمبکرێتەوە، زۆربەی ئەم کەیسانەی دێن

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ نەخۆشخانی دەرونی ئەو تاوانەی کردویانە یان ئەنجامیان داوە بۆ سرینەوەی ناموس (غسل العار) یان لە چوارچێوەی خێزانیدا بووە .

یە کێك لەو کەیسانەی کە خێزان و منداڵەکەی خۆی کوشت بوو لە یەکێك لە شارۆچکەکانی شاری هەولێر دادوەر ناردبووی بۆ نەخۆشخانەی دەرونی تاوانبارەکە دانی نابوو بە بوونی نەخۆشی دەرونی وەك توێژەرێك بەدواداچوونم بۆ ئەم کەیسەکرد هیچ کە سێك لە موختارو هاوسێکانیان ئامادە نەبوون هیچ زانیارییەك بدەن وەك ئەوەی ئایا لە هیچ کاتێکی پێشو سەردانی پزیشکی دەرونی کردوە یان نا یان بە کارهێنانی چارەسەر نەخۆشی دەرونی کردوە. ئەم رووداوانەش وا دەکەن کە کۆمەڵگا بە چاوی تاوانبار سەیری نەخۆشانی دەرونی بکەن، زۆر لەو تاوانانە کەسی ئاسایی ئەیکەن هیچ پەیوەندی بە نەخۆشی دەرونی نیە .

نەخۆشانی دەرونی بەشێوەیەکی زۆرکەمتر لە چاو نەخۆشانی ژیری دوچاری تاوان دەبنەوە بە هۆی ئەوەی هوشیار و ئاگایان باشترە لە نەخۆشانی ژیری وە هەندێك وای بۆ دەچن کە نەخۆشانی دەرونی رێژەی تاوانیان تێدا کەمترە لە بەرامبەر ئەوانی تردا چونکە نەخۆشانی دەرونی گرفتارن بە خۆیانەوە بەم ململانێ ناوەخۆیانەکانیان، بە پێی هەندێ توێژینەوەی شیکاری دەرونی بێت ئەوا هۆکاری لادان بوونی ئارەزوویەکی نەستە بۆ سزا (جلال، 1984، ص170).

## چوارەم: گرفتی چارەسەرکردن و نەخۆشانی دەرونی

یەکێك لەو گرفتانەی نەخۆشانی دەرونی رووبەروویان دەبێتەوە ئەویش هەڵە تێگەیشتنێکی باو هەیە لە ناو کۆمەڵگای ئێمە و زۆر لە کۆمەڵگاکانی تر ئەوەیە کە نەخۆشانی دەرونی چارەسەریان نیە، وە بێ ئومێدن بەرامبەر بە چاکبونەوەی نەخۆشانی دەرونی، بێگومان ئەمە هەڵەیە زۆربەی زۆری نەخۆشانی دەرونی چارەسەریان هەیە، راستیەکی حاشا هەڵنەگرە ئەوانی توشی نەخۆشی خەمۆکی یان دلەڕاکێ یان فۆبیاییان هەیە چاکدەبنەوە(حسن، 2009، لا11). یەکێکی تر لەم گرفتانە چارەسەری هەندێك نەخۆشی درێژ خایەنی دەرونی بۆ ماوەیەکی درێژ نەخۆشەکان بەکاری دەهێنن یان لە گەڵ ژیاندایە کەوا لە نەخۆشەکان دەکات وا تێبگەن کە نەخۆشی دەرونی چارەسەری نیە ئەمەش بۆ نەخۆشییە جەستەییەکانیش وایە وەك نەخۆشییەکانی دڵ، شەکرە، رەبۆ..چارەسەری ئەمانەش تاکو سەر بەردەوام دەبێت ئەمەش بیروڕایەکی هەڵەیە (مستەفا، 2006، لا1).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرفتی چارەسەر بە داو دەرمان یەكێك لەم گرفتانەی داودەرمانی دەرونی هەیەتی كە بە شێوەیەكی خێرا دەرمانەكان گاریگەری نابێت لەسەر نەخۆش وەك دەرمانی چارەسەری نەخۆشییە جەستەییەكان كە زۆربەیان گاریگەری خێرایان هەیە لە زوو چاكبوونەوەی نەخۆشییە جەستییەكان ئەمەش وا لە كۆمەڵگا بكات بیروباوەڕی بۆ دروست بێت كە وا بزانێت كە داودەرمانی پزیشكی هیچ سوود بە نەخۆشانی دەرونی ناگەیەنێت. وە بیروباوەرێكی ترلە نێو گۆمەڵگادا هەیە كە دەرمانی ئەم نەخۆشیانە دەبێتە هۆی خووپێوەگرتن ئەمەش بە هۆی دووردرێژی ماوەی بەكارهێنانی ئەم دەرمانانە (مستەفا، 2006، لا1). نەخۆشی دەرونی سەرسوڕماوە نازانێ چیبكات، هەست بە تەنهایی و گۆشەگیری دەكات توانای رووبەروبوونەوەی خەڵكی نیە ئازاری جەستەیی دەرونی هەیە، ئەم نەخۆشە تەنها دەرمان یارمەتی نادات (صادق، 1990، ص271). كە هەندێك پزیشكی دەرونی وای بۆ دەچن تەنها چارەسەر بە دەرمان وا دەكات نەخۆش چارەسەربكات، بەڵكو جاری وا هەیە كە دەرمانەكە كاریگەری ئەو تۆ بە جێ نەهلێت بەسەر نەخۆشەكە، لێرەدا رۆڵی چارەسەریەكانی تری دەرونی و كۆمەڵایەتیەكان دێتە پێشەوە ئەمەش خۆی لە چارەسەركردنی بە تیم یان گروپ دەبینێتەوە واتە چارەسەری فرەهەند یەكێكی تر لەو گرفتانەی دەرمان ئەوەیە كە كاریگەری لاوەكی نەخوازراو بە جێدە هێلێت لەسەر جەستە و دەرونی نەخۆشەكە بۆ نموونە زۆر خواردن یان كەم خواردن یان زۆر نوستن یان كەم نوستن، خەواڵوی و بێهێزی و سەرسوران ئەمانە و چەندین كاریگەری تری لاوەكی لە نەخۆشەكە بە جێدەهلێت یان خواردنی ژەمی زۆر یان كەم یان خراپ بەكارهێنانی كەسانی تر بۆ مەبەستی تر. وە گرفتێكی تر ئەوەیە كە دەرمانەكان لە نەخۆشخانەكان بە دەست ناكەوێت، ئینجا دوای قۆستنەوەی لە لایەن هەندێك هەڵپەرست و چاوچنۆك فرۆشتنی دەرمانەكان بە نرخێكی یەكجار گران لە بازاڕ كە ئەمە وا دەكات نەخۆشەكان نەتوانن بەردەوام بن لە وەرگرتنی دەرمانەكان تا سەر چ بە هۆی دەستنەكەوتنی یان بە هۆی هەژاری كەم دەرامەتی ئەوی وەك توێژەرێك تێبینیمان كردوە زۆربەی نەخۆشەكانی دەرونی كە سەردانی نەخۆشخانەیان دەكرد خەڵكی هەژارو كەم دەرامەتبوون. وە هەنێ جار بەهۆی كەم شارەزایی پزیشك و كارمەندەكان یان بە هۆی هەڵەی پزیشكی دەرمان دەدرێت بە نەخۆش ئەمەش جگە لە چارەسەری ناكات بەڵكو باردۆخەكەی دژوارتر دەبێت (الراجح، 1975، ص13 ).

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

گرفتی چارەسەری میللی نازانستی کۆمەڵێك بیروباوەڕی هەڵە هەیە دەربارەی چارەسەری نەخۆشی دەرونی کە ئەمە وا دەکات نەخۆش پەنا بباتە بەر چارەسەری میللی ئەمەش چ لە ژێر کاریگەری کۆمەڵگادا بێت یان بەهۆی ئەو بیروباوەڕەی هەیەتی، لەو ماوەیەی کەلە نەخۆشخانەی دەرونی کاردەماندەکرد جگە لە پزیشکانی دەرونی بەشی زۆری کارمەندانی نەخۆشخانە باوەڕیان بەم جۆرە چارەسەرە هەیە پیادەی دەکەن، جاروبار هانی خەڵك دەدرێت پەنا بۆ ئەم چارەسەرە ببرێت . ئەم هەڵە تێگەیشتنانە وا دەکەن نەخۆش ببرێت بۆ ئەم جۆرە چارەسەریەکە لە کۆمەڵگەدا باوە، ئیرەیی یان چاوە یان جنۆکە دەستی لێوەشاندوە، سیحری لێکراوە، یانیش لاوازی باوەڕ، ئینجا کەسوکاری نەخۆشەکە دەیبەن بۆ لای شێخ و فاڵچی و جادووگەر بۆ نوشتەکردن و چارەسەرییەکان پارەو پولێکی زۆر بە هەدەردەرێت لەم پێناوەدا توشی دەردەسەری زیاتر دەبن لە کاتی بەکارهێنانی چارەسەرییەکان (تەویل و ئەوانی تر، 2013، لا185 ).

لێرەدا مەبەستمان لە چارەسەری نازانستی ئەوەیە ئەو رێگا و شێوازانەیە بە کاردێ کە هیچ بنەمایەکی زانستی و مەنتقی نیە بە ڵکو کۆمەڵە کەسێکن هەڵدەستن بە فێڵ و چاوبەستنی خەڵك بە ناوی ئایین و چارەسەرکردنی نەخۆشانی دەرونی (هادی، 2009، ص64). ئەم رێگاچارەسەرکردنە یەکێك لەم رێگا مەترسی دارانەیە زۆر لە گۆمەڵگاکانی هاوشێوە وەك ئێمە پەنای بۆ دەبەن کۆمەڵە کە سانێك بە ناوی ئایینەوە مامەڵە و بازرگانی پێدەکەن، ئەمەش بۆ گەرمکردنی بازرگانی و قۆڵبرینی خەڵکی بۆ ئەوەی لایەنی سۆزداری خەڵك و نەخۆشەکان و کەسوکارییان ڕابکێشرێت، لێرەدا کۆمەڵێك رێگا و شێواز بەکاردێ بۆ ئازاردانی نەخۆشانی دەرونی بەناوی دەرکردنی جنۆکە لە لەشی نەخۆشەکە وەك لێدان بەدارو و لێدان بەکارەبا یان سوکایەتی قسەی نەشیاو بە هەموو جۆرەکانی حسن، 2009، لا14).

میکانیك یەکێك لە زانایانی بواری کۆمەڵناسی پزیشکی کە لە میانەی تیۆرەکەی هەڵساوە بەدیاریکردنی کۆمەلێك فاکتەری جیاواز کە پاڵ بە نەخۆش دەنێت بۆ وەرگرتنی شێوازی چارەسەرکردن ئەوانیش فاکتەری کلتوری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بابەتیانە و خودی(الوريكات، 2011، ص97). ئەم فاکتەرانە وا دەکەن نەخۆش بڕیار بدات چۆن و شێوازی چارەسەرکردن نەخۆشییەکەی چۆن بێت، هەر چەندە مرۆڤ ئازادە لە چارەسەرکردن و یان چارەسەرنەکردنی نەخۆشییەکەی یان جۆری چارەسەکردنەکەی بەڵام دەبێت بە هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەوە روونبکەنەوە کە کام جۆری

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چارەسەرکردن باشە زانستانەیە وە زیانەکانی چارەسەری ناعەقلانی بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا شیبکەنەوە.

## چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوە

1 - میتۆدی توێژینەوە

### أ- میتۆدی وەسفی شیکاری

میتۆدی وەسفی دادەنرێ بە یەکێك لەو میتۆدە باوانەی کە دەگونجێ لەگەڵ ئەو توێژینەوانەی دەربارەی دیاردە و گرفتەکانی واقعی ئێستا دەکرێت، گرنگیش دەدات بە وەسف و شیکردنەوەیەکی تێروتەسەل و وورد بۆ دیاردە و گرفتەکان(ملحم، 2006، ص 396).

### ب- میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی

بە پێویستمان زانی هەڵستین بە بەکارهێنانی میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی لەم توێژینەوەیەدا بۆ نەخۆشانی دەرونی. میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بڵاوترین میتۆدە لە توێژینەوەی کۆمەڵایەتی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و داتا، میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی هەوڵدانێکی ڕێکخراوە بۆ بە دەستهێنان و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر دیاردەکە بە ئامانجی گەیشتن بە زانیاری پێویست لەسەر دیاردەکە و لەم ڕێگەیەوە بتوانین بە ئاسانی بیگشتێنین(المغریبی، 2006، ص 98).

## 2- کۆمەڵگا و نموونەی توێژینەوە

کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە نەخۆشخانەی دەرونی هەولێر.

### نموونەی توێژینەوەکە

هەڵبژاردنی چەند نەخۆشێك لە نەخۆشخانەی دەرونی هەولێر لە شاری هەولێر کە دەستنیشانکراون لە لایەن پزیشکانی پسپۆر بە بوونی نەخۆشی دەرونی. بۆ گەیشتن بە کۆکردنەوەی زانیاری بە شێوەی تێبینکردن و لەگەڵ دابەشکردنی (53) فۆرمی ڕاپرسی بەسەر نەخۆشانی بەشی راوێژکاری.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 3- ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری

### أ- سەرنجدان یان تێبینیکردن

لەم توێژینەوەیەدا توێژەر هەڵساوە بە سەرنجدان لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر نموونە مەبەستدارەکە و لەسەر هەڵسوکەوتی نەخۆشەکان لە نەخۆشخانەی دەرونی و چاوپێکەوتنی قوڵ لەگەڵ نەخۆشەکان.

### ب- فۆرمی ڕاپرسی

بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و پاڵپشتیکردنی کەیسەکانی توێژینەوەی بار توێژەر هەڵسا بە بنیادنانی پێوەری فۆرمی ڕاپرسی کە یەکێکە لە سەرچاوەکانی کۆکردنەوەی زانیاری لە بارەی بابەتی توێژینەوەکە، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر هەڵساوە بە ئامادەکردنی پێوەری گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی نەخۆشانی دەرونی.

## ئامرازە ئامارییە بەکارهێنراوەکان

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا لە لایەنی مەیدانی پشت بە ئامرازە ئامارییەکانی (پاکێجی ئاماری زانستە کۆمەڵایەتیەکان) (SPSS) بەستووە بۆ شیکاری زانیارییەکان، ئامرازەکانیش بریتیین لەمانە (ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەیی، ناوەند بۆ دەرهێنانی ناوەندی گۆڕاوەکان، لادانی پێوەری، هاوکێشەی پەیوەستی سپێرمان بۆ دۆزینەوەی جێگیری پێوەرو هاوکێشەی (ت) بۆ یەك نموونە، بۆ جیاوازی نێوان ناوەندی بەدەستهاتوو و ناوەندی گریمانەکراو، تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ دەرخستنی جیاوازی گۆڕاوەکانی پێوەری ڕاپرسی.

## خستنە ڕووی زانیارییەکانی پێوەری ڕاپرسی

خشتەی (١): خەسڵەتە گشتییەکانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە دەخاتەروو

| گۆڕاوەکان | وەڵامەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 28 | %52,8 |
| | مێ | 25 | %47,2 |
| تەمەن | گەنج 16- 24 | 20 | %37.73 |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| | لاو25-44 | 24 | %45,28 |
| | **جوامێر 45-64** | 9 | %16,98 |
| پیشە | ژنی ماڵەوە | 18 | %33,96 |
| | کاسب | 8 | %15,09 |
| | فەرمانبەر | 9 | %16,98 |
| | قوتابی | 7 | %13,30 |
| | پێشمەرگە | 5 | %9,4 |
| | بێکار | 6 | 11,32 |
| ئاستی خوێندن | نەخوێندەوار | 15 | %28,30 |
| | بنەڕەتی | 19 | %35,84 |
| | ئامادەی | 8 | %15,9 |
| | پەیمانگە کۆلێژ | 11 | %20,75 |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | 17 | %32,07 |
| | خێزاندار | 31 | %58,49 |
| | جیابۆوە ،بێوەژن | 5 | %9,42 |
| ئاستی گوزەران | خراپ | 20 | %37,73 |
| | ناوەند | 16 | %30,18 |
| | باش | 12 | %22,64 |
| | زۆرباش | 5 | %9,43 |

**1- ڕەگەز:** ڕەگەز یەکێکە لە گۆڕاوەکانی توێژینەوە، کاریگەری لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوە، جۆری نەخۆشی دەرونی، شێوازی چارەسەرکردن، بیروباوەڕیان لەبارەی نەخۆشییە دەوورنییەکانەوە دەبێت. لە خشتەی (1) ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە، ڕێژەی (%52.8) نموونەکە لە ڕەگەزی نێرن و ڕێژەی (%47.2) یشیان لە ڕەگەزی مێینەن، ئەوەی تێبینی دەکرێ لەم خشتەیە ڕەگەزی نێر زیاترە لە مێ چونکە ڕەگەزی نێر زیاتر سەردانی نەخۆشخانە دەکەن لە چاو ڕەگەزی مێ بەهۆی ئەوەی پیاوان کەمتر بەر لەکەداربوونی کۆمەڵایەتی دەکەون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**2-تەمەن:** تەمەن پەیوەستە بە بەهێزی جەستەی و پێگەیشتنی هزری تاك بەگشتی، گۆڕاوی تەمەن لە نموونەی توێژینەوەکە دابەش کراوە بۆ سەر سێ کۆمەڵەی تەمەن کە بەم شێوەیە پۆلێنکراوە کۆمەڵەی یەکەم گەنج (16-24) کۆمەڵەی دووەم لاو (25-44) کۆمەڵەی سێیەم جوامێر (45-64) (علي، 1988، ص 276). دەردەکەوێت کە زۆربەی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە گەنج و لاون لە چاو جوامێر و پیر، کە توشی نەخۆشی دەرونی بوونەتەوە، ئەمەش بەهۆی نەتوانینی کۆمەڵگا بە گشتی و لایەنی بەرپرس بە تایبەتی لە سوود وەرگرتن و رێکخستن و ووزە و توانای بەرهەمهێنان و هزری و لایەنی سۆزداری ئەمەش لە ئەنجامی ئەم بارودۆخەی کۆمەڵگای کوردی پێدا تێپەڕبووە، کە بۆتە هۆی بێکاری و لایەنی ئابووری بەم هۆیانەوە توشی چەندین گرفتی کۆمەڵایەتی بوونەتەوە، کە بۆتە هۆی توشبوون بە نەخۆشی دەرونی.

3- **ئاستی خوێندەواری**: رێژەی (28.30%) نەخوێندەوارن، رێژەی (16.98%) دەنوسێت و دەخوێنێت، رێژەی (18.86) بنەڕەتین کەواتە هەر سێ ئاستی خوێندەواری نزیکەی (60%) ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە خوێندنیان تەواونەکردوە، بەهۆی رووبەڕووبوونەوەیان بە بارودۆخی دژواری ئابووری کۆمەڵایەتی، کە بۆتە هۆی ئەوەی واز لە خوێندن بهێنن، یان بەهۆی داب و نەریتەوە هەندێك لە خێزانەکان کچەکانیان ناهێلن بخوێنن یان لە ئاستێکی خوێندەواری نزم دەریان دەهێنن، رێژەی (70%) ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە خوێندوارن. ئەم توێژەش هۆشیارترە و ئەیەوێت چارەسەر وەربگرێت.

**4- پیشە:** رێژەی (33.96) نموونەی توێژینەوەکە ژنیماڵەوەن، بەهۆی داب و نەریت هێشتا زۆرێك لە خێزانەکانی کۆمەڵگای کوردی رێگا نادەن ژن بچێتە دەرەوە بۆ کارکردن، رێژەی (11.32%) بێکارن تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بێکارن ئەمەش رێژەیەکی بەرزە و دەبێتە هۆی ئەوەی تاك هەست بە بوونی ئازارێکی دەرونی نائومێدبوون بکات لە ئەنجام ناتوانێت پێداویستیە سەرەکیەکان تێربکات و دەبێتە هۆی نەخۆشی دەرونی. رێژەیی (15.09%) کاسبن کە بژیویان لەسەر دەسکەوتی رۆژانەیە کاتیە وەك کرێکاری، عەرەبانە، دەستگێری بەمەش ناتوانن بژێوی ژیانیان دابین بکەن ئەمەش هۆیەکە بۆ توشبوون بە نەخۆشی دەرونی، رێژەی (16.98%) فەرمانبەرن و رێژەی (13.20%) قوتابین، رێژەی (9.4%) پێشمەرگە بوون.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**5- باری کۆمەڵایەتی:** رێژەی (%58.49) خێزاندارن کە تووشی نەخۆشی دەرونی بوونە کە رێژەیەکی بەرزە بەهۆی ئەوەی زۆربەیان کێشەی کۆمەڵایەتی یاخود باکگراوندیان هەبووە و پێش هاوسەرگیری تووشی نەخۆشی دەرونی بوون. رێژەی (%32.07) سەڵتن رێژەیەکی بەرزە لە توشبوون بە نەخۆشی دەرونی بەهۆی هەستکردنی سەڵت بە نائارامی دەرونی سۆزداری نادیاری داهاتوو کە ئەمانە هۆکارن بۆ توشبوون بە نەخۆشی دەرونی. رێژەی (%9,4) بێوەژنن لە کۆی تاکەکان کەوا دیارە لەوانەیە هۆکارێك بێت بۆ توشبوون بە نەخۆشی دەرونی و بارودۆخی دەرونی تاك ئاڵۆزتر دەکات.

**6- ئاستی گوزەران:** زۆربەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بەدەست نزمی ئاستی گوزەرانەوە دەناڵێنن کە بەرێژەی (%37.73) نموونەکە پێکدەهێنن و رووبەرووی بارودۆخێکی دژواری ژیان بوونەتەوە بەهۆی ئەم بارودۆخەی کوردستانی پێدا تێپەڕ دەبێت، رێژەی (%30.18) ئاستی ناوەند وە رێژەی (%22.64) باش و رێژەی (%9.43) زۆرباشە کەواتە تەنها هەژارەکان توشی نەخۆشی دەرونی نابن بەڵکو کەسانی دەوڵەمەند کە ئاستی گوزەرانیان باشە توشی نەخۆشی دەرونی بوون ئەمەش لە میانەی ئەو بەدواداچوون و سەرنجدانەی کراوە لە نەخۆشخانە.

## خستنەڕووشیکردنەوەی زانیارییە تایبەتیەکانی توێژینەوە

### 1- پێوانەکردنی جیاوازی بۆ پێوەری ڕاپرسی گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی نەخۆشانی دەرونی

پێوانەکردنی گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی نەخۆشانی دەرونی و ئاستی کاریگەریان لەسەر نەخۆشییە دەرونییەکانیان. ئەنجامە ئامارییەکانی یەکەکانی نمونە بە بەکارهێنانی هاوکێشەی (T. test) بۆ یەك نمونە و بەراوردکردنی ناوەندی بەدەستهاتوو ناوەندی گریمانەکراو لە خشتەی (9) خراوەتەڕوو

خشتەی (2) ئەنجامی تاقیکردنەوەی (ت) بۆ پێوانەکردنی جیاوازی نێوان ناوەندی بەدەستهاتوو ناوەندی گریمانەکراو بۆ گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی نەخۆشانی دەرونی ڕووندەکاتەوە

| تەوەرەکان | ناوەندی بەدەستهاتوو | لادانی پێوەری | ژ. بڕگەکان | نا. گریمانەکراو | بەهای (ت) | | ئاستی ئاماژەی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| لەکەداربوونی کۆمەڵایەتی | 19. 54 | 1.03 | 10 | 20 | 1.56 | 1.96 | نائاماژەدارە |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| گرفتی خێزان | 12.86 | 1.82 | 7 | 14 | 4.5 | 1.96 | ئاماژەدارە |
| گرفتی تاوان | 17.88 | 3.85 | 8 | 16 | 1.34 | 1.96 | نائاماژەدارە |
| گرفتی چارەسەرکردن | 14.13 | 2.25 | 9 | 18 | 6.03 | 1.96 | ئاماژەدارە |
| گرفتەکانی تر | 8.52 | 2.70 | 6 | 12 | 3.96 | 1.96 | ئاماژەدارە |
| گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی نەخۆشانی دەرونی | 72.96 | 7.67 | 40 | 80 | 10.47 | 1.96 | ئاماژەدارە |

1- لەکەداربوونی کۆمەڵایەتی وەك گرفتێکی کۆمەڵایەتی نەخۆشانی دەرونی لە ئاستێکی نائاماژەی ئاماری دایە لەبەرئەوەی بەهای (ت) دەرهێنراوی ئەم تەوەرە بریتییە لە (1.56) بە ئەندازەیەکی کەم بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەی (1.96) لە ئاستی ئاماژەی (0.05) لێرەدا تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە نەخۆشانی دەرونی لە نەخۆشخانەی دەرونی هەست بە لەکەداربوونی کۆمەڵایەتی لاواز دەکەن واتە ئەو نەخۆشانەی دێن بۆ نەخۆشخانەی بە ئاستێکی نزم هەست بەلەکەداربوون دەکەن ئەگەر ئەم هەستە لای نموونەی توێژینەوەکە بەرزبوایە ئەوا نەدەهاتن بۆ نەخۆشخانە.

2- تەوەری گرفتی خێزان یەکێکە لە گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی نەخۆشانی دەرونی جیاوازیەکی ئاماژەی ئاماری بوونی هەیە بۆ نەخۆشانی دەرونی چونکە بەهای (ت) دەرهێنراو (4.5) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەیی (1.96) مانای ئەوەیە کە نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە گرفتی خێزانی یەکێکە لە گرفتە بەرچاوەکان هەر لە پەراوێزخستنیان پەیوەندی کۆمەڵایەتی گۆشەگیری ناو خێزان.

3- گرفتی تاوان لە نێو نەخۆشانی دەرونی نەگەیشتۆتە ئاستی جیاوازی ئاماژەی ئاماری، چونکە بەهای (ت) دەرهێنراو لەم تەوەرەیە بریتییە لە (1.34) بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەیی (1.96) تاکەکانی نموونەکە کە نەخۆشانی دەرونین تاوانبارنین و کۆمەڵگا زۆرجار بە تاوانبار لە قەڵەمیان دەدات، ناوەندی بەدەستهاتوو (17.88) ناوەندی گریمانەکراو یەکسانە بە (16) بۆمان دەردەکەوێت،

ناوەندی بەدەستهاتوو گەورەترە لە ناوەندی گریمانە کراو بەڵام ئاماژە بەبوونی تاوانبارییان ناکرێ لە ئاستێکی بەرز، بەڵام دەکرێ وەکو خەڵکی ئاسایی تاونبارییان تێدا هەبێت.

4- گرفتی چارەسەرکردنی نەخۆشانی دەرونی گەیشتۆتە ڕادەی ئاستی ئاماژەی ئاماری بەشێوەیەك بەهای (ت) دەرهێنراوی تەوەرەکە بریتییە لە (6.03) گەورەترە لە بەهای (ت) خشتەی (1.96) بە رێژەیەکی بەرز لەم جیاوازیە دەگەیینە ئەو ئەنجامەی کە تاکەکانی توێژینەوەکە پێوەری ڕاپرسی، پێیان وایە گرفتییان هەیە لە شێوازی جۆری چارەسەری نەخۆشییەکەیان لە چارەسەری میلی ئەو بیروبۆچوونە هەڵانەی هەیە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی دەرونی لە نێو کۆمەڵگادا.

5- جیاوازی ئاماژەی ئاماری هەیە لە گرفتەکانی تر وەك گرفتی چەوساندنەوە پێشێلکردنی مافەکانیان و گرفتی دارای هەژاری، چونکە بەهای (ت) دەرهێنراوی تەوەرەکە بریتییە لە (3.96) بەهای (ت) خشتەیی بریتییە (1.96) بە ئاستی ئاماژەیی (0.05) ناوەندی بەدەستهاتوو (8.52) بچوکترە لە ناوەندی گریمانەکراوی (12) کەواتە جیاوازی لە نێوان ناوەندەکان هەیە ئەمەش لە بەرژەوەندی ناوەندی گریمانەکراو دایە، لە ئەنجام بۆمان دەردەکەوێت کە نەخۆشانی دەرونی لە ئاستێکی لاواز گرفتی تریان هەیە.

6- بە شێوەیەکی گشتی ئاماژەی ئاماری هەیە لە ئاست گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی نەخۆشانی دەرونی، بەوەی بەهای (ت) دەرهێنراو (10.47) بەهای (ت) خشتەی (1.96) بە ئاماژەی ئاماری (0.05) و لەکاتی بەراوردکردنی ناوەندی بەدەستهاتوو ناوەندی گریمانەکراودا ئەوا ناوەندی گریمانەکراو گەورەترە لە ناوەندی بەدەستهاتوو بۆیە ناوەندی سەرجەمیشیان لە بەرژەوەندی ناوەندی گریمانەکراودایە. ئەم ئەنجامەش ئاماژەیەکە بۆ سەرجەم نموونەی توێژینەوەکە لە ئاستێکی لاوازدا هەست بە تەوەرەکانی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2- هەڵسەنگاندنی پێوەری ڕاپرسی بە پێی گۆڕاوەکان

## أ- هەڵسەنگاندنی گۆڕاوی ڕەگەز لەسەر تەوەرەکانی پێوەری ڕاپرسی

خشتەی ( 3) تاقیکردنەوەی (ت) بۆ دەرخستنی جیاوازی ڕەگەز لەسەر تەوەرەکانی پێوەری ڕاپرسی ڕووندەکاتەوە

| تەوەرەکان / ڕەگەز | | ژ | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (ت) دەرهێنراو | بەهای (ت) خشتەیی | ئاستی ئاماژەی 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لاکەداربوونی کۆمەڵایەتی | نێر | 28 | 18.68 | 3.23 | 2.03 | 1.96 | ئاماژەدارە |
| | مێ | 25 | 20.32 | 2.54 | | | |
| گرفتی خێزان | نێر | 28 | 12.57 | 1.85 | 1.25 | 1.96 | نا ئاماژەدارە |
| | مێ | 25 | 13.20 | 1.77 | | | |
| طرفتی تاوان | نێر | 28 | 17.32 | 4.08 | 1.13 | 1.96 | نا ئاماژەدارە |
| | مێ | 25 | 18.52 | 3.58 | | | |
| گرفتی چارەسەرکردن | نێر | 28 | 14.82 | 2.03 | 2.47 | 1.96 | ئاماژەدارە |
| | مێ | 25 | 13.36 | 2.30 | | | |
| گرفتەکانی تر | نێر | 28 | 12.34 | 3.33 | 2.53 | 1.96 | ئاماژەدارە |
| | مێ | 25 | 15.44 | 2.55 | | | |

لە خشتەی (6-9) دەردەکەوێت، گۆڕاوی ڕەگەز کاریگەری لەسەر تەوەری (لەکەداربوونی کۆمەڵایەتی، گرفتی چارەسەری، گرفتەکانی تر) هەیە لەبەرئەوەی بەهای (ت) دەرهێنراویان (2.03) و (2.47) و (2.53) گەورەترن لە بەهای (ت) خشتەی (1.96) بە پلەی ئازادی (51) و ئاستی ئاماژەی (0.05) بۆیە لە تەوەری لەکەداربوونی کۆمەڵایەتی ئاماژەکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگەزی مێ چونکە ناوەندی بەدەستهاتوو مێ زیاترە لە ناوەندی بەدەستهاتووی نێر بۆمان دەردەکەوێت لەکەداربوونی ڕەگەزی مێ زیاترە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی کۆمەڵگا لەسەر نەخۆشانی دەرونی و جیاوازی دەکات بۆ ڕەگەزی نێر و مێ. بەڵام لە تەوەری گرفتی خێزان و گرفتی تاوان گۆڕاوی ڕەگەز کاریگەری نییە، چونکە بەهای (ت) دەرهێنراو تەوەرەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(1.25) و (1.13) بچوکترن لە بەهای خشتەی (1.96) بۆیە گۆڕاوی ڕەگەز جیاوازی ئاماری نیە لەسەر هەردوو تەوەرەی گرفتی خێزان و گرفتی تاوان.

## ت- هەڵسەنگاندنی کاریگەری گۆڕاوەکانی تر لەسەر پێوەری ڕاپرسی

توێژەر بۆ ئەوەی بزانێت تا چەند گۆڕاوەکانی تر کاریگەییان هەیە لەسەر تەوەرەکانی ڕاپرسی وەك گۆڕاوی (تەمەن، ئاستی خوێندەواری، پیشە، باری کۆمەڵایەتی، ئاستی گوزەران) کە لە دوو هەڵبژاردن زیاترن دەبێت پشت بە تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا (one–way ANOVA) ببەستین بۆ ئەوەی بزانین تا چەند ئەم گۆڕاوانە کاریگەریان لەسەر پێوەری ڕاپرسی هەیە.

خشتەی (4) :تاقیکرنەوەی ئەنۆڤا بۆ دەرخستنی جیاوازی گۆڕاو لەسەر پێوەری ڕاپرسی

| ذ | گۆڕاوەکان | بەهای (ف) | | ئاستی ئاماژەی 0.05 |
|---|---|---|---|---|
| | | بەدەستهاتوو | خشتەیی | |
| 1 | تەمەن | 1.222 | 3.182 | ئاماژەدارنیە |
| 2 | ئاستی خوێندەواری | 1.925 | 2.157 | ئاماژەدارنیە |
| 3 | پیشە | 1.280 | 2.412 | ئاماژەدارنیە |
| 4 | باری کۆمەڵایەتی | 0.933 | 2.565 | ئاماژەدارنیە |
| 5 | ئاستی گوزەران | 1.284 | 2.793 | ئاماژەدارنیە |

لە خشتەی (6-11) بۆمان دەردەکەوێت بەهای (ف) بەدەستهاتووی گۆڕاوەکانی تەمەن (1. 222) و ئاستی خوێندەواری (1.925) و پیشە (1.280) و باری کۆمەڵایەتی (0.933) ئاستی گوزەران (1.284) وە بەهای (ف) خشتەی گۆڕاوەکانی تەمەن (3. 182) و ئاستی خوێندەواری (2.157) و پیشە (2.412) و باری کۆمەڵایەتی (2.565) ئاستی گوزەران (2.793) بە ئاماژەیی ئاماری (0.05) واتە جیاوازی نیە لە نێوان ئەندامانی توێژینەوەکە بەپێی ئەو ئەنجامەی سەرەوە گۆڕاوەکانی تەمەن، ئاستی خوێندەواری، پیشە، باری کۆمەڵایەتی، ئاستی گوزەران، بە پێوەری ڕاپرسی (گرفتە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆمەڵایەتیەکانی نەخۆشانی دەرونی) جیاوازی دروست نابێ بگاتە ئاماژەیی ئاماری واتە گاریگەری ئەوتۆیان نیە لەسەر پێوەری ڕاپرسی.

## 4- خستنەڕووی شیکردنەوەی زانیاریەکانی پێوەری ڕاپرسی بەپێی بڕگە لەسەر ئاستی تەوەرەکان

### أ- گرفتی لەکەداربوونی کۆمەڵایەتی

توێژەر هەڵسا بە شیکردنەوەی خستنەڕووی بۆچوونی نەخۆشانی دەرونی لەبارەی تەوەری گرفتی لەکەداربوونی کۆمەڵایەتی بە پێی پرسیارەکان، تەوەری گرفتی لەکەداربوونی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە گرفتە کۆمەڵایەتیەکانی نەخۆشانی دەرونی، لە شیکردنەوەی تێڕوانینی نەخۆشانی دەرونی، ئاستی کاریگەری هەربڕگەیەك دیاری دەکەین بە بەکارهێنانی ناوەندی سەنگکراو بۆهەربڕگەیەك(*). خشتەی (5) بۆچوونی نەخۆشانی دەرونی لەبارەی لەکەداربوونی کۆمەڵایەتی لای نموونەکە ڕووندەکاتەوە.

| ژ | بڕگە | ناوەندی سەنگکراو | کاریگەری |
|---|---|---|---|
| 1 | **پێت ئاساییە خەڵکی ناسیاو لە نەخۆشخانە بتبینێت؟** | 2.132 | تاڕادەیەک گرنگی هەیە |
| 2 | **پێت ئاساییە خەڵک پرسیار دەربارەی نەخۆشییەکەت لێبکەن؟** | 2.339 | گرنگی زۆری هەیە |
| 3 | **هەست بە شەرمەزاری دەکەی کاتێک قسە لەگەڵ خەڵکی تر دەکەی لەبارەی نەخۆشییەکەت؟** | 1.679 | تاڕادەیەک گرنگی هەیە |
| 4 | **خۆت دورەپەرێز دەگری لە خەڵک؟** | 1.603 | گرنگی کەمی هەیە |
| 5 | **هەستکردن بە شەرم رێگات لێ دەگرێت چارەسەری پزیشکی وەرنەگریت؟** | 2.132 | تاڕادەیەک گرنگی هەیە |

(*) هێزی ناوەندی سەنگکراو (1- 3) دەبێت، بەمشێوەیەی لای خوارەوەیە:
1- هەر برگەیەک کێشەکەی لە نێوان (1- 1.66) گرنگی کەمی هەیە.
2- هەر برگەیەک کێشەکەی لە نێوان (1.67- 2.33) تا رادەیەک گرنگی هەیە.
3- هەر برگەیەک کێشەکەی لە نێوان (2.34- 3) گرنگی زۆری هەیە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| 6 | ئایا لەماڵەوە بە نازناوی لەکەدار بانگت دەکەن؟ | 2.490 | گرنگی زۆری هەیە |
| 7 | پێت ئاساییە سەردانی نەخۆشخانە یان پزیشکی دەرونی بکەی؟ | 556.2 | گرنگی زۆری هەیە |
| 8 | بەشداری بۆنە و مەراسیمە کۆمەڵایەتییەکان دەکەی؟ | 1.735 | تاڕادەیەک گرنگی هەیە |
| 9 | ئایا خەڵک هاوسۆزن لەگەڵت؟ | 1.962 | تاڕادەیەک گرنگی هەیە |
| 10 | ئایا هەستت بریندار دەکرێ لە کۆمەڵگا؟ | 1.905 | تاڕادەیەک گرنگی هەیە |

لەم تەوەرەدا کۆمەلێك برگە خراوەتەڕوو بۆ ئەوەی بزانین ئاستی لەکەداربوونی کۆمەڵایەتی نەخۆشانی دەرونی لە کوێ دایە، یەکەم برگە ئاسایی نەبوونی بینینی نەخۆشانی دەرونی لە لایەن خزم و ناسیاوەکانی بە کێشی (2.132) تاڕادەیەك گرنگی هەیە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە نەخۆشانی دەرونی خۆشیان لە بینینی خەڵکی ناسیاو نایەت پێیان وایە پێی لەکەدار دەبن. برگەی دووەم پێیان ئاسایی نیە خەڵك پرسیار دەربارەی نەخۆشییەکەیان لێبکات بە کێشی (2.339) کە گرنگی زۆری هەیە چونکە کەمترین زیانیاری دەدەن بەو کەسانەی پەیوەندیدار نین بە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەیان. هەروەها لە برگەی خۆت دوورە پەرێز دەگری لە خەڵك بە کێشی (1.603) گرنگی کەمی هەیە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی نەخۆشانی دەرونی دەیانەوێت لە کۆمەڵگا دانەبڕێن و ژیانی ئاسایی کۆمەلایەتی بەرێبکەن، هەستکردن بە شەرمیش بۆ ڕێگە گرتن لە چارەسەری پزیشکی بەکێشی (132.2) تاڕادەیەك گرنگی هەیە پێیان وایە کە ڕێگرنیە لە وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی چونکە ئەگەر ڕێگربوایە ئەوا نەدەهاتن بۆ نەخۆشخانە. بانگکردن بە نازناوی لەکەداربوون لە ماڵەوە بە کێشی (2.490) گرنگی زۆری هەیە کە زۆربەیان ڕەتیانکردۆتەوە لە ماڵەوە بە نازناوی لەکەداربوو بانگ بکرێن، ئەمەش کارێکی ئەرێنییە، کە لەماڵەوە بە نازناوی لەکەداربوو بانگ ناکرێن بەڵام بەمانای ئەوە نایەت هیچیان بە نازناوی لەکەداربوو بانگ نەکراون. ئەوانەی دودڵن لە سەردانیکردنی نەخۆشخانەی دەرونی یان نۆرینگەی پزیشکی دەورنی بەکێشی (2.556) ئەمەش گرنگی زۆری هەیە نەخۆشانی دەرونی دودڵن لە سەردانیکردنی نەخۆشخانەی دەرونی بەهۆکاری شەرم و ترس لە وانی تر ئەمەش وایکردوە کاریگەری هەبێت لەسەر خراپتربوونی باری تەندروستی دەرونیان. بەشداریکردن لە بۆنە و مەڕاسیمە گشتی و تایبەتیە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی هاوسەرگیری و تەعزییە نەخۆشانی دەرونی بە کێشی (1.735) تاڕادەیەك

گرنگی هەیە بەڕادەیەك بۆ ئەوەی کەسە نزیك و خزمەکانیان ئاگاداری بارودۆخی دەرونیان نەبن، تاکو ناوبانگیان لەکەدار نەبێت بەتایبەتی کە ئافرەت بێت. هاوسۆزبوونی ئەوانی تر لەگەڵ نەخۆشانی دەرونی بەکێشی (1.962) تاڕادەیەك گرنگی هەیە، هاوسۆزبوون کارێکی نابەجێیە چونکە ئەمە وا دەکات هەستی متمانە بە خۆبوون کەم بێتەوە، نەتوانین لە داهاتوو کارەکانیان بەبێ ئەوانی تر بتوانن ڕایی بکەن. هەست بریندارکردنی نەخۆشانی دەرونی لەلایەن ئەوانی تر بەکێشی (1.905) تاڕادەیەك گرنگی هەیە، کە هەندێکیان دەڵێن لەلایەن خەڵکانی نزیك دەدرێنە بەر توانج لێدان، ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر بارودۆخی دەرونی و کۆمەڵایەتیان.

## ب- گرفتی خێزان

لەم تەوەرە ڕاوبۆچوونی نەخۆشانی دەرونی خراوەتەڕوو دەربارەی بوونی گرفتی خێزانی لەنێو نەخۆشانی دەرونی ئەمەش یەکێکە لەو گرفتانەی لە پێوەری ڕاپرسی خراوەتەڕوو

خشتەی (6) بۆچوونی نەخۆشانی دەرونی لەبارەی گرفتی خێزان لای توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە.

| ژ | برگە | ناوەندی سەنگکراو | کاریگەری |
|---|---|---|---|
| 11 | **پەیوەندی کۆمەڵایەتیت باشە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت؟** | 1.845 | تاڕادەیەک گرنگی هەیە |
| 12 | **مامەڵەی ئەندامانی خێزانەکەت چۆنە لە گەڵت؟** | 1.547 | گرنگی کەمی هەیە |
| 13 | **متمانەت بەخۆت هەیە لە دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی؟** | 1.475 | گرنگی کەمی هەیە |
| 14 | **نەخۆشیەکەت کاریگەری هەیە لەسەر ئەندامانی خێزانەکەت؟** | 1.773 | تاڕادەیەک گرنگی هەیە |
| 15 | **هەست دەکەی پەراوێزخراوی لە لایەن ئاندامانی خێزانەکەت؟** | 2.358 | گرنگی زۆری هەیە |
| 16 | **ئارەزوو دەکەی بە تەنها بیت لەماڵەوە؟** | 1.849 | تاڕادەیەک گرنگی هەیە |

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

| | | | |
|---|---|---|---|
| 18 | **سەردانی خزم و ناسیاوەکانت دەکەی لەدوای تووشبون بە نەخۆشیەکەت؟** | 1.735 | تاڕادەیەک گرنگی هەیە |

پەیوەندی کۆمەلایەتی نەخۆشانی دەرونی لەگەڵ ئەندامانی خێزان بە کێشی (1.845) تاڕادەیەك گرنگی هەیە، بوونی پەیوەندییەکی باشی کۆمەڵایەتی لە نێو ئەندامانی خێزان وادەکات نەخۆشی لە بارێکی جێگری دەرونی باشتربێت، ئەمەش وادەکات نەخۆشییەکەی بەرەو خراپتر نەڕوات. چۆنیەتی مامەڵەکردن لە گەڵ نەخۆشانی دەرونی لەنێو خێزان بە کێشی (1.547) گرنگی کەمی هەیە. متمانە بەخۆبوون لە دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەکێشی (1.475) گرنگی کەمی هەیە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بەهۆی بوونی نەخۆشی دەرونی شاردنەوەی نەخۆشییەکە ناتوانن پەیوەندی کۆمەلایەتی دروستبکەن تاکو لەکەدارنەبن. بوونی نەخۆش لەنێو خێزان کاریگەری لەسەر ئەندامانی خێزان بەکێشی (1.773) تاڕادەیەك گرنگی هەیە، زۆرێك لە نەخۆشانی دەرونی کە دەخەوێنران لە بەشی کورت خایەن گفتوگۆمان لەگەڵ ئەندامانی خێزانیان دەکرد، باسیان لەوە دەکرد کە زۆر بەتەنگەوەیانن زۆرجار لە ئیش و کارەکانیان دەبن، کاریگەری ئابووری کۆمەڵایەتی بەجێدەهێڵێت لەسەر خێزان و ئەندامەکانیان بەتایبەتی دایك و باوك یانیش هاوسەریان.

پەراوێزخستنی نەخۆشانی دەورنی لەلایەن ئەندامانی خێزان بەکێشی (2.358) گرنگی زۆری هەیە، بەهۆی بوونی پەیوەندی بەهێزی کۆمەلایەتی لەنێو خێزانی کوردی وایکردوە زۆربەی ئەندامانی توێژینەوەکە کە نەخۆشانی دەرونین رەتییان کردۆتەوە کە پەراوێز خرابن لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەیان بەڵکو گرنگیشیان پێدراون چونکە زۆربەی نەخۆشەکان کەسێکی نزیکیان لەگەڵدا بوو کە سەردانی نەخۆشخانەیان دەکرد.

مانەوە لە ماڵەوە زۆربەی کات بەتەنها بەکێشی (1.849) تاڕادەیەك گرنگی هەیە ئەمەش بەهۆی ترس لە کۆمەڵگا نایانەوێت تێکەڵ بە کۆمەڵگا بین نەوەکو لەکەداربن، ئەمەش وا دەکات زۆربەی جار بیروخەیاڵی نەخوازراو بکەن، هەم کێشە بۆ خۆیان و هەم بۆ خێزانەکانیان دروستبکەن. سەردانیکردنی خزم ناسیاوەکان لەلایەن نەخۆشانی دەرونی بەکێشی (1.735) تاڕادەیەك گرنگی هەیە، بەهۆی کەمکردنەوەی سەردانیکردنی خزم و ناسیاوەکانی ئەمەش وادەکات گۆشەگیر بێت زۆربەی کات لە ماڵەوە بەسەر ببات، ئەمەش کاریگەری دەبێت لەسەر خراپتربوونی باری دەرونی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (7) خراپی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نەخۆشانی دەرونی لەگەڵ ئەندامانی خێزانی ئەندامانی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| 17 | پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەگەڵ ئەندامانی خێزان خراپە؟ | ژمارە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | لەگەڵ هیچیان | 20 | 37.73 |
| 2 | هاوسەر | 14 | 26.41 |
| 3 | دایك و باوك | 11 | 20.75 |
| 4 | منداڵ | 5 | 9.43 |
| 5 | خەسوو | 3 | 5.66 |

زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە بەرێژەیی (37.73%) ڕەتییان کردۆتەوە پەیوەندیان لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەیان خراپ بێت. رێژەی (26.41%) پەیوەندیان لەگەڵ هاوسەرەکانیان باش نیە چ ژن لەگەڵ مێردەکەی یان مێرد لەگەڵ ژنەکەی، خراپی پەیوەندیەکەش زۆرجار تەڵاق و جیابوونەوەی لێکەوتۆتەوە، رێژەی (20.75 %) منداڵەکان پەیوەندیان لەگەڵ دایك و باوکیان خراپە، ئەمەش بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و زیادبوونی داواکاری منداڵەکان زیادبوونی ئەرکیان خوێندنەوەی ناواقیعی هەردوولا بۆ یەکتری سەرەرای بوونی نەخۆشی دەرونی پەیوەندیەکە خراپتر دەکات.

رێژەی (9.43%) پەیوەندی دایك و باوك لەگەڵ منداڵەکانیان خراپە رێژەی (5.66%) ئەوانەی وەڵامیان داوەتەوە ژنن هاوسەردارن لەگەڵ خەسوویان دەژین دیارە بەهۆی ئەو ململانیە مێژوویەیی بووك و خەسوو هەر بەردەوامە لە کۆمەڵگای کوردی کە کاریگەری نەرێنی دەبێت لەسەر زیاتر بوونی تەنگەژە دەرونیەکان.

## ج- گرفتی چارەسەرکردنی نەخۆشانی دەرونی بە هەردوو شێوازی نازانستی و زانستی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خشتەی (8) گرفتی چارەسەرکردنی نەخۆشانی دەرونی بە هەردوو شێوازی نازانستی و زانستی لای نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە.

| ژ | برگە | ناوەندی سەنگکراو | کاریگەری |
|---|---|---|---|
| 28 | کاتێک تووشی تەنگژەی دەورنی بویت سەردانی نەخۆشخانە یان پزیشکی دەرونیت کرد؟ | 2.513 | گرنگی زۆری هەیە |
| 29 | باوەرت بە چارەسەری پزیشکی هەیە بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەت؟ | 1.415 | گرنگی کەمی هەیە |
| 30 | دەرمانەکانت کاریگەری لاوەکی هەیە لەسەرت؟ | 1.490 | گرنگی کەمی هەیە |
| 31 | سەردانی شێخ یان مەلات کردوە بۆ وەرگرتنی چارەسەر بۆ نەخۆشییەکەت؟ | 2.557 | گرنگی زۆری هەیە |
| 33 | لەکاتی خۆیدا سەردانی پزیشکی دەرونی دەکەیت؟ | 1.682 | تاڕادەیەک گرنگی هەیە |
| 34 | باوەرت بە پزیشکەکەت هەیە نهێنییەکانت دەپارێزێت؟ | 1.150 | گرنگی کەمی هەیە |
| 35 | دەرمانەکانت بە ڕێک و پێکی بەکاردەهێنیت؟ | 1.547 | گرنگی کەمی هەیە |
| 36 | پێت وایە جادو سیحر ڕۆڵی هەیە لە تووشبون بە نەخۆشی دەروونی؟ | 2.334 | گرنگی زۆری هەیە |
| 37 | پێت وایە جادو سیحر ڕۆڵی هەیە لە چارەسەرکردنی نەخۆشی دەرونی؟ | 2.358 | گرنگی زۆری هەیە |

نەخۆشانی دەرونی کاتێك تووشی نەخۆشی دەرونی بوون سەردانی نەخۆشخانە یان پزیشکی دەروننیان کردوە بەکێشی (2.513) گرنگی زۆری هەیە، سەرەڕای بوونی نەخۆشخانە و پزیشکی دەرونی بەڵام بە ئاستێکی یەکجار بەرز نەخۆشەکان سەردانی نەخۆشخانە یان پزیشکی دەرونیان نەکردوە، ئەمەش بەهۆی ئەو لەکەداربوونەی کە نەخۆشەکە و خێزانەکەی پێ لەکەداردەبن، بەهەموو شێوەیەك خۆیان بەدوور دەگرن لە نەخۆشخانە یان پزیشکی دەرونی، کاتێك چارییان نەما ئینجا سەردانی نەخۆشخانە دەکەن.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

باوەڕت هەیە بە چارەسەری پزیشکی بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەت بەکێشی (1.415) گرنگی کەمی هەیە، زۆربەیان باوەڕییان هەبوو بە چارەسەرکردنەکە بەهۆی ئەوەی لە ڕابردوو هیچ سوودێکیان لە چارەسەرە نازانستیەکە وەرنەگرتووە، بۆیە لە ئێستادا چارەسەری پزیشکی دەرونی وەردەگرن.

بوونی کاریگەری لاوەکی دەرمانەکان لەسەر نەخۆش بەکێشی (1.490) گرنگی کەمی هەیە، وا دیارە هەموو دەرمانێك کاریگەری لاوەکی هەیە لەسەر لاشەی مرۆڤ بەڵام کاریگەری دەرمانی نەخۆشی دەرونی زیاتر لەسەر مێشکی مرۆڤە، وەك خەواڵوو، یان خەو زڕاندن، یان خەوی زۆر لەسەرەتادا.

سەردانیکردنی ئەوانەی چارەسەری نازانستی دەکەن بۆ نەخۆشانی دەرونی بەکێشی (2.557) گرنگی زۆری هەیە، زۆربەی نەخۆشەکان سەردانی ئەو کەسانەیان کردووە کە چارەسەری نازانستی نەخۆشەکان دەکەن.

سەردانیکردنی پزیشك لەکاتی خۆیدا بەکێشی (1.682) تاڕادەیەك گرنگی هەیە، زۆربەی نەخۆشەکان لەکاتی خۆیدا سەردانی نەخۆشخانە ناکەن، بەهۆی ئیهمالی یان دودڵی لە چارەسەرکردن یان بەهۆی کارو دەوامی فەرمی، چونکە ئەگەر لە ڕۆژی دیاریکراودا ئامادە نەبێت، دەبێت بۆ هەفتەی داهاتوو بێت چونکە پزیشکی پسپۆری دەرونی لە هەفتەیەك تەنها ڕۆژێك لەبەشی ڕاوێژکاری نەخۆش دەبینێت ئەمەش گرفتێکە بۆ نەخۆشانی دەرونی.

باوەڕبوون بە پزیشك بۆ پاراستنی نهێنی نەخۆشەکە بەکێشی (1.150) گرنگی کەمی هەیە نەخۆشەکان پێیان وایە دکتۆرەکەیان نهێنیەکەیان دەپارێزن، ئەمەش یەکێکە لەو بەشەی لە سوێندی پزیشکی هەیە، کە نابێت بەهیچ جۆرێك نهێنی نەخۆش بدرکێنرێت. بەکارهێنانی دەرمانەکان بەرێك و پێکی بەکێشی (1.547) گرنگی کەمی هەیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە زۆربەی نەخۆشەکان دەرمانەکان بە رێك و پێکی بەکارناهێنن، دەرمانەکانی نەخۆشی دەرونی نزیکەی سێ هەفتەی پێویستە تاکو کاریگەری دەبێت لەسەر نەخۆشییەکە.

ڕۆڵی سیحر و جادوو لە توشبوون بە نەخۆشییە دەرونییەکان بە کێشی (2.334) گرنگی زۆری هەیە، بیروباوەڕی نەخۆش نیشاندەدات سەبارەت بە ڕۆڵی سیحر و جادو لە توشبوون بە نەخۆشییە دەرونیەکان.

ڕۆڵی سیحر و جادوو لە چارەسەرکردنی نەخۆشی دەرونی بەکێشی (2.358) گرنگی زۆری هەیە، بەهەمان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

شێوە نزیك هەمان کێش لە یەکتری لەگەڵ بڕگە پرسیار، ڕەتییان کردۆتەوە سیحر و جادوو ڕۆڵییان هەبێت لە چارەسەرکردنی نەخۆشی دەروونی.

خشتەی (9) جۆری چارەسەرییە نازانستییەکان لای نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| 32 | جۆری وەڵام | ژمارە | % |
|---|---|---|---|
| 1 | لێدان، نوشتە، قورئان خوێندن، کارەبا لێدان | 27 | 50.94 |
| 2 | قورئان خوێندن | 15 | 28.30 |
| 3 | قورئان خوێندن و لێدان | 7 | 13.20 |
| 4 | هیچ کامیان | 4 | 7.54 |

خشتەی (9) ئەو جۆر و چارەسەریانەی بەکاردێ لە لایەن شێخ و مەلا و پیاوانی ئاینی ڕێژەی (50.94%) هەڵساون بە بەکارهێنانی ئەم جۆرە چارەسەرییانە وەك لێدان، فەلاقەکردن، نوشتە، قورئان خوێندن، کارەبا لێدان، قەدەغەکردنی گۆشت، خواردنی ڕەشکە، واتا نزیکەی هەموو جۆرەکانی چارەسەرییەکان، کاریگەری زۆری نەرێنی بەجێهێشتووە لەسەر دەرون لاشەی نەخۆشەکە، ڕێژەی (28.30%) قورئان خوێندن بەکارهاتووە ئەمە ئەگەر لێدان شتی تری تێنەکەوێ شتێکی باشە وەك چارەسەری ڕۆحی بەکاردێ کە لە زۆربەی ئاینەکانی تر بەکاردێ وەك بوزی (یۆگا) ئاینی مەسیحی هتد. ڕێژەی (13.20%) قورئان خوێندن و لێدان، ڕێژەی (7.54%) وەڵامیان ئەوە بووە کە چارەسەری نازانستییان وەرنەگرتووە، بەڵام وەك توێژەر ئەوانە پێییان وایە ئەگەر بڵێن چووین بۆ چارەسەری نازانستی پزیشکی دەرونی زۆر پێیان ناخۆشە وەك ئەوەی ڕەچاوی ئەم بابەتە دەکەن، نزیکەی ڕێژەی (92%) خەڵکی ئەوانەی سەردانی نەخۆشخانەی دەرونی دەکەن، بە مەبەستی چارەسەری پزیشکی دەرونی، پێشتر چارەسەری نازانستیان وەرگرتوە بەشێوەك لە شێوەکان، ئەمەش ڕێژەیەکی یەکجار بەرزە بەوەی تاکو ئێستا کۆمەڵگای کوردی لەژێر بیروباوەڕی کلتوری دواکەوتوو دایە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دووەم: دەرئەنجامەکانی توێژینەوە

١- ئەنجامی توێژینەوەکە نیشانیدا توشبوون بە نەخۆشی دەرونی تا ئێستا لەکەداربوونێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردی، کە زۆربەی نەخۆشەکان دودڵن ئەترسن لە سەردانکردنی نەخۆشخانە و نۆرینگە پزیشکییەکان بە هۆی ئەوەی کە بەشێت دەناسرین.

٢- لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا دەرکەوتوە زۆربەی نەخۆشانی دەرونی سەردانی ئەو کەسانەیانکردوە کە چارەسەر نازانستی دەکەن بۆ نەخۆشە دەروونییەکان کە گرنگی ئاستی بەرزی هەیە لە قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە، دوای تاقیکردنەوەی کۆمەڵێك چارەسەری نازانستی بەبێ ئەوەی سوود وەرگرتن لەم چارەسەرە نازانستیە لەدوای ئەم هەموو ئەزیەت و ئازارەی خەرجرکردن پارەوپولێکی زۆر نەخۆش خانەوادەکەی بینیویانە ئینجا سەردانی نەخۆشخانە دەکات.

٣- لە پێوانەکردنی ئاستی گرفتە کۆمەڵایەتیەکان نەخۆشانی دەرونی بە تەوەرەکان، لەم توێژینەوەدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی نەخۆشانی دەرونی لە ئاست تەوەری گرفتی تاوان بە ئاستێکی نزم بە ئاماژەیەکی نائاماری بە بەهای ناوەندی بەدەستهاتوو (1.34) کە بچوکترە لە بەهای خشتەی (1.96) بە ئاماژەی ئاماری (0.05) ئەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی نەخۆشانی دەرونی لە قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە پێیان وایە کە گرفتی تاوانیان نیە، ئەمەش ئەو بیرباوەڕە هەڵەیە ڕەتدەکاتەوە کە لە کۆمەڵگادا باوە کە نەخۆشانی دەرونی تاوانبارن و مەترسیدارن بۆ سەر کۆمەڵگا و دەوروبەری.

٤- یەکێك لەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێگەیشتوە چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی نەخۆشانی دەرونی لە لایەن دەروبەرو کۆمەڵگا وەڵامی بەکێشی (2.735) ئاستی گرنگی زۆری هەیە، لە قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە، چەوساندنەوەی نەخۆشانی دەرونی بە کۆمەڵێك شێوەی جۆراوجۆر وەك بەکارهێنانی نەخۆش بۆ گەلێك مەرام مەبەستی ناتەندروست وەك پەیداکردنی پارەو پول، بە شێوەی سواڵکردن، یان بۆ شاردنەوەی تاوان، یان لێسەندنەوەی مافی بەکارهێنانی سەروەت و سامانی گواستراوە و نەگواستراوە.

٥- دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەریخست تاکو ئێستا ئەو بیروباوەڕە زاڵە بەسەر زۆربەی کۆمەڵگای کوردیدا کە پێوایە توشبوون بە نەخۆشی دەرونی دەگەڕێتەوە بۆ جادوو و دەستخستنی جنۆکە بەلاشەی مرۆڤ و هەندێ شتی ئەفسانە و خورافیات کە بەداخەوە و لە ناو کارمەندانی نەخۆشخانەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوینی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دەرونی باوە ئەم جۆرە بیروباوەڕە، ئەمەش بە هۆی ئەم پێگەیاندنە خێزانیەی لە کۆمەڵگای کوردی پەیڕەو دەکرێ، وەڵامی نەخۆشانی دەرونی بەکێشی (2.334) گرنگی زۆری هەیە لە قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە کە پێیان وایە سیحرو و جادو و جنۆکە، ئەهریمەن ڕۆڵیان هەیە لە توشبوون بە نەخۆشی دەرونی.

٦- یەکێك لەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێگەیشتوە کە ڕۆڵی خێزانە لە توشبوون و چارەسەری نەخۆشییە دەرونییەکانە، خێزان ڕۆلێکی نەرێنی بینیوە لە هەردوو باردا چ لە توشبوون و چ لە چارەسەرکردندا، ئەو خێزانانەی بە تەنگەژە و قەیران گرفتی کۆمەڵایەتیان تێپەڕ دەبن ئەوا تاکەکانی خێزان توشی فشارێکی زۆر دەبن ئەوا کە ڕۆڵی دەبێت لە توشبوون بە نەخۆشی دەرونی، وە کاتێك توشی نەخۆشی دەرونی دەبێت هەم دیسان خێزان ڕۆڵی دەبێت بەڵام زۆربەی کات ڕۆڵی نەرێنی دەبێت. وەڵامی نەخۆشانی دەرونی بە کێشی (2.483) گرنگی زۆری هەیە، لە قەبارەی نمونەی توێژینەوەکە، کە پێییان وایە خێزانەکانیان ڕۆڵی نەرینییان بینیوە لە چارەسەرکردنی نەخۆشییەکەیان، کە زۆرجار ڕێگەیان نادەن بچنە دەرەوە، یان بەندیان دەکەن لەماڵەوە وە لە سەرتای نەخۆشییە کە بردویانە بۆ وەرگرتنی چارەسەری نازانستی.

## ڕاسپاردەکانی توێژینەوە

١- دانانی یاسایەکی تایبەت بۆ مافەکانی نەخۆشانی دەرونی لە لایەن وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و داد، لیژنەی تەندروستی و کاربارى کۆمەڵایەتی لە پەرلەمانی کوردستان تاکو بتوانرێ بەشێوەیەك دوورلە پێشێلکردنی مافەکانیان هەڵسەوکەوتییان لە گەڵ بکرێ.

٢- بۆ وەزارەتی ئاوقاف و کاروباری ئاینی، کاراکردنی ڕۆڵی مزگەوت و وتار بێژان و زانایانی ئایینی بۆ گۆڕین و هۆشیار کردنەوەی کۆمەڵگا لە بارەی نەخۆشییە دەرونییەکان چارەسەرکرنی نەخۆشانی دەرونی بە شێوەیەکی زانستی ئەو گرفتە کۆمەڵایەتیانەی چاوەڕوانکراوە لە پاش توشبوون بە نەخۆشییەکانیان.

٣- دوورکەوتنەوەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لەو هەواڵ و فیلم و درامایانەی کە کە بەشێوەیەکی نەرێنی کەسایەتی نەخۆشانی دەرونی نیشاندەدات.

## سەرچاوەکان

1.تەویل و ئەوانی تر، عزت، ( 2013 ) نەخۆشییە دەروونیەکان هۆکار و چارەسەر، و. محمد عەلی وەلی، خانەی چاپ و پەخشی رێنما، سلێمانی.
2.حسن، ئەفرام محمد، ( 2009 )، نەخۆشیە دەرونیەکان، نشراحسان، تەهران
3.عمر، معن خلیل، ( 2012 )، میتۆدەکانی توێژینەوەی لە کۆمەڵناسیدا، و. محمد شوانی، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر.
4.مستەفا، ئازاد، ( 2006) چەند بیروباوەڕێکی هەڵە لە بارەی نەخۆشییە دەرونیەکان، گۆڤاری سایك،ژمارە، 2، هەولێر.
5.هەڵبجەیی، سامان، (2006 ) کۆمەڵگاو نەخۆشی دەرونی، گۆڤاری سایك، ژمارە 5، ئاب، هەولێر.
دووەم : سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی
6.احمد عزت راجح، 1975 مشكلة العلاج النفسي في مصر، مكتبة الانجلوالمصرية، الاسكندرية،.
7.البنا، انور محمود، ( 2009 )، الامراض النفسية والعقلية، مكتبة جامعة الاقصى،غزة، فلسطين.
8.جلال ، سعد،( 1984 )، اسس علم النفس الجنائي، دار المعارف، القاهرة.
9.الحسن، احسان محمد (2008 )، علم الاجتماع الطبي، دار وائل، عمان، 2008.
10.الحسن، احسان محمد، (1982 )، الاسس العلمية لمناهج البحث الاجتماعي، دار الطليعة، بيروت.
11.الختانة، سامي محسن ( 2008)، مقدمة الصحة النفسية، دار الحامد، عمان.
12.دسوقی،كمال، ( 1974 )، الطب العقلي والنفسي، دار بيروت، بيروت.
13.صادق ، عادل، ( 1990 )، في بيتنا المرض النفسي، الدار العربية للموسوعات، بيروت .
14.العمر، معن خليل، ( 1990)، المدخل الى علم الاجتماع، جامعة بغداد، بغداد.
15.العمر و اخرون، معن خليل، ( 2004 )، المدخل الى علم الاجتماع،دار الشروق.
16.العمر، معن خليل ( 1998 )، علم المشكلات الاجتماعية، دار الشروق، عمان.
17.العموش ، أحمد، و العليمات، محمود، ( 2008 )، المشكلات الاجتماعية، الشركة العربية المتحدة، القاهرة.
18.المغربي، كامل محمد، ( 2006 )، أساليب البحث العلمي في العلوم الانسانية والاجتماعية، دار الثقافة، عمان.
19.ملحم ، سامي محمد، ( 2006 )، مناهج البحث في التربية وعلم النفس، دار الميسرة، عمان.
20.الميزر، هند، ( 2007)، المشكلات الاجتماعية، جامعة الملك سعود قسم الدراسات الاجتماعية،الرياض.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

21.هادي، زهرة عباس، ( 2009 )، الثقافة والامراض النفسية في المجتمع العراقي،رسالة ماجستير، غير منشورة، قسم علم الاجتماع، جامعة بغداد.

22.الوريكات، عايد، ( 2011)، علم الاجتماع الطبي، دار وائل، عمان،.

## ملخص البحث

ان هذه الرسالة تحاول دراسة المشكلات الاجتماعية للمرضى النفسيين والتي تم تشخيصها من خلال الدراسة الميدانية و برؤية اجتماعية في مستشفى الامراض النفسية في مدينة أربيل .
لذا تعد مثل هذة الدراسات جديرة بالبحث، لانها تبرز الى حيز الوجود المشكلات الاجتماعية التي يعاني منها المرضى النفسيين، من قبيل الكآبة، الانعزال أو العزلة الاجتماعية، صعوبة التكيف الاجتماعي، الحرمان العاطفي و غيرها من المشكلات التى تحول دون القيام بالادوار الاجتماعية والوظيفية المنوطة بهم، وعدم اتخاذ القرارات التي تتعلق مستقبله عائلته ومحيطه.
وبغية نحقيق أهداف البحث تم اللجوء الى جمع البيانات و معلومات عن طريق استخدام منهجين هما : دراسة الحالة المرضى النفسيين كل على الفرد و طريق المسح الاجتماعي وذلك عن طريق الاستمارة الاستبيانية، فقد تم استخدام طريق المسح الاجتماعي عبر توزيع الاستمارات الاستبيانية لمعرفة المشكلات الاجتماعية التي تواجههم والتي تم توزيع ( 53 ) استمارة .
و تحليل نتائج الدراسة المدانية، فقد تم استخدام مجموعة من الاساليب الاحصائية التي شملت (الوسط المرجح، الوسط الحسابي، الانعراف المعياري، معامل الارتباط سبيرمان، معامل (ت) لعينة واحدة وقدمتم تحليل كل هذة الاساليب الاحصائية بالرجوع الى الحقيبة الاحصائية للعلوم الاجتماعية (SPSS).
هذا وقد توصلت الديراسة الى جملة استنتاجات هامة،ان الاهتمام والرعاية الاسرية التى بتديها العائلة للمرضى النفسيين تكاد تكون ضعيفة وذلك بسبب ضعف وتدني الوعي اجتماعي من لدى الاسر.يؤمن العديد من المرضى النفسيين ايمانا راسخا بأن هناك تأثيرات فعالة للعفاريت وأسليب السحر التى تؤثر على سلوك الفرد وصحته. وان هذه المعتقدات هي التي تدفع بالمرض النفسيين للجوء الى الاساليب غير العلمية في معالجة أو علاج الامراض النفسية .

## Social Problems of Psychiatric Patients

### A Field Study and a Social Vision in The Psychiatric Hospital in Erbil

**Sedeeq Mohammad Hamasharif**
Psychiatry Hospital, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Sedeeq_muhammad@yahoo.com

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٢)، هاوێنی ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Zarya Ahmad Taher**
Department of Sociolgy, College of Art, University of Salahaddin, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Zarya19ahmad81@gmiail.com

***Keywords:*** *Social Problem, Psychiatric Patients, Social Stigma, Treatment*

## Abstract

This thesis attempts to study the social problems of psychiatric patients, which were diagnosed through a field study and a social vision in the Psychiatric Hospital in Erbil. Therefore, such studies are worthy of research, because they bring into existence the social problems that psychiatric patients suffer from, such as depression, isolation or social isolation, difficulty in social adjustment, emotional deprivation and other problems that prevent them from performing the social and functional roles entrusted to them, and not to make decisions related to his future, his family and his surroundings.
In order to achieve the objectives of the research, data and information collection was resorted to using two approaches: the case study of psychiatric patients, each on the individual, and the social survey by means of a questionnaire. (53) forms were distributed
For analysis of application research, we are using statistical instrument such as, The Arithmetic Mean, Weighted Mean Standard Deviation, Correlation superman, (T-TEAST) for one sample and for this purpose by reference to the (Statistical Package for Social Science) SPSS
The study reached a number of important conclusions, that the attention and family care provided by the family to the mentally ill are almost weak due to the weakness and low social awareness of the families. and his health. And it is these beliefs that drive mental illness to resort to unscientific methods in the treatment or treatment of mental illness .